# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## گۆرانیی سەکیما

Skrevet av: Ursula Nafula
Illustret av: Peris Wachuka
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 4.0 Internasjonal Lisens.
https://creativecommons.org/licenses/by/4.0/deed.no

# گۆرانیی سەکیما



Ursula Nafula
Peris Wachuka
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 3



سەکیما لە گەڵ دایك و باوك و خوشکە چوار ساڵەکەی دەژیا. ئەوان لە سەر زەوی و زاری پیاوێکی دەوڵەمەند دەژیان. کەپرە حەسیرییەکەی ئەوان لە کۆتایی ڕێزێك لە درەختەکان بوو.






پیاوە دەوڵەمەندەکە زۆر خۆشحاڵ بوو کاتێ دووبارە چاوی بە کوڕەکەی کەوتەوە. ئەو پاداشتی سەکیمایی کرد لەبەرئەوەی دڵنەوای دابووەوە. ئەو کوڕەکەی و سەکیمای برد بۆ نەخۆشخانە. و سەکیما دووبارە توانی بینایی بۆ چاوانی بگەڕێتەوە.



کاتێك سەکیما تەمەنی سێ ساڵ بوو، نەخۆش کەوت و بینایی لە دەست دا. سەکیما کەسێکی لێ هاتوو بوو.






هەر لەو کاتەدا دوو پیاو هاتن کە برانکارێکیان پێ بوو. ئەوان کوڕی پیاوە دەوڵەمەندەکەیان دۆزیبووەوە کاتێك لێی درابوو لە کەنار جادە کەوتبوو.



سەکیما زۆر شتی دەزانی کە مناڵانی دیکەی تەمەن شەش ساڵ نەیاندەتوانی. بۆنموونە دەچوو لە گەڵ ڕیش سپیانی گوندەکەیان دادەنیشت و وتووێژی لەسەر بابەتی گرنگ دەکرد.





سەکیما گۆرانیەکەی تەواو کردو و سوڕایەوە بۆ ئەوەی بڕوا. بەڵام پیاوە دەوڵەمەندەکە بە خێرایی هاتە دەرێ و ووتی: " تکایە دووبارە گورانیەکە بڵێەوە.



دایك و باوكی سەكیما لە ماڵی ئەو پیاوە دەوڵەمەندە كاریان دەكرد. ئەوان بەیانی زوو دەڕۆشتن و ئێوارە درەنگ دەهاتنەوە. سەكیما لە گەڵ خوشكە چوار ساڵەكەی بە تەنیا دەمانەوە.






كرێكارەكان دەستیان لە كارەكانیان هەڵگرت. ئەوان گوێیان بۆ سترانە دلڕفێنەكەی سەكینا ڕاگرتبوو. بەڵام پیاوێك ووتی: " كەس نەیتوانیووە دڵنەوایی خاوەنكارەكەمان بداتەوە. ئێستا ئەم منداڵە نابینایە دەیهەوێ دڵنەوایی بداتەوە.



سەکیما حەزی لە گۆرانی ووتن بوو. ڕۆژێك دایکی لێی
پرسی: “سەکیما، ئەو گۆرانیانە لە کوێ فێربوویە؟





سەکیما لە ژێر پەنجەرەیەکی گەورە ڕاوەستا و ئەو
گۆرانیەی دەگووتەوە کە خۆی پێی خۆش بوو. کەم کەم
پیاوەکە سەری لە پەنجەرەکە وەدەرنا.



ڕۆژی دواتر سەکیما داوای لە خوشکە چکۆلەکەی کرد کە بیبات بۆ ماڵی پیاوە دەوڵەمەندەکە.





سەکیما وڵامی دایەوە: " هەر لە خۆڕا دێن، دایە. من لە مێشکی خۆم گوێم لێ دەبن و دواتر دەیانلێیمەوە.



سەکیما پێی خۆش بوو گۆرانی بۆ خوشکە بچوکەکەی بڵێ، بەتایبەت کاتێك برسی دەبوو. سەکیما ئەو گۆڕانیەی دەکوتەوە کە خوشکەکەی حەزی لێ بوو، و ئەویش گوێی بۆ ڕادەگرت. خوشکەکەی خۆی ڕادەژاند کاتێك گوێی لە سترانە هێمن کەرەوەکە دەگرت.





لە گەڵ ئەوەشدا سەکیما هەر پێداگری دەکرد. خوشکە بچوکەکەشی پشتگیری کرد و ووتی: “ گۆرانیەکەی سەکیما ئارام کەرەوەیە بۆ من کاتێك برسی دەبم. و گۆرانیەکەی ئەو ئارام کەرەوە دەبێت بۆ پیاوە دەوڵەمەندەکەش.




خوشکەکەی هەمووجارێ داوای لە سەکیما دەکرد و دەیگووت: " دەتوانی دووبارە بۆم بلێیەوە؟" سەکیماش بەقسەی دەکرد و دووبارە گۆرانیەکەی بۆ دەوتەوە.





سەکیما بە دایك و باوکی ووت: " من دەتوانم گۆرانی بۆ بلێم. لەوانەیە دووبارە خۆشحاڵ بێتەوە." بەڵام دایك و باوکی هاوڕا نەبوون لە گەڵی. ئەوان ووتیان: " ئەو زۆر دەوڵەمەندە. تۆ تەنها کوڕێکی نابینای. پێت وایە گۆرانیەکەی تۆ یارمەتی ئەو دەدات؟



شەوێکیان کاتێ دایك و باوکی هاتنەوە، ئەوان زۆر بێ دەنگ بوون. سەکیما دەیزانی کە شتێك ڕوویداوە.





سەکیما لێی پرسین: " دایە، بابە، چی ڕوویداوە؟" سەکیما تێگەشت کە کوڕی پیاوە دەوڵەمەندەکە وون بووە. پیاوەکە ئێستا زۆر نیگەرانە و هەست بە تەنیایی دەکات.